- زانکۆی سەلاحەددین
- کۆلیژی زمان
- بەشی زمانی کوردی
- قۆناغی ٣
- بابەت: زمانەوانی کارەکی

# زمانەوانی کارەکی

## (علم اللغة التطبيقي)

## (Applied Linguistics)

دانانی

م.ی. رزگار ئیسماعیل کەریم

ئیمێڵی زانکۆیی: rizgar.Kareem@su.edu.krd

هەولێر (٢٠٢٣ - ٢٠٢٤)

# زمان و زمانەوانی کارەکی

## ١-١-زمان چییە ؟

زمان یەکێکە لەو دیاریانەی کە خوای گەورە بە مرۆ ڤی بەخ شیوە , رۆڵێ کی گرینگ لە ژ یانی مرۆ ڤدا دەبینی , زمان دیاردەیەکی ئالۆزە , بۆیە هەر لە زووەوە مرۆڤ هەوڵ یدا وە لە ذ هێنی ئەو دیاردە یە بگات و وەلآمی زۆر پرسیاری وەکو ئەمانە بدا تەوە , ز مان چییە ؟ چۆن کار دە کات ؟ چۆن گە شە و گۆرانی بەسەر دادیت ؟

زمان بەردی بناغەی کۆمە لە و هەموو بوارە کانی ژ یانی مرۆ ڤی داگیر کردووە و پەیوە ندی مرۆڤ لە گەل خەڵکی تر و دەورو بەر دەست نیشاندەکات , بەجۆرێ بەبێ بوونی ز مان کۆمەڵ گەی مرۆڤا یەتی ئە ستەمە چالاکی کار کردنی بێتە کایەوە و بەردەوام بێ ج گە لەو سی ستەمە دەنگی یەی , کە پ شت بە ئە ندامانی ئاخاوتن دەبەستێ , زۆر جار بە سیستەمی پەیوەندیکردنیش دە گوترێ ز مان , کە بە شێوەی هێ مای گۆ نە کراو دەبینرێت , وەك : هێمای زانا یانی بیر کاری و کۆمپیو تەر , یان هێ مای جە ستەی ( کەڕلا ڵەکان , ... هتد , بەلام ئەم سی ستەمانە هەرگیز نا گەن بە ز مان . ئێ مە رۆژا نە بە شێوەیەکی ئۆتۆ ماتیکی لە زۆربەی بارەکانی , زمان بەکاردەهێنین , بە مەش ز مان وەك هۆ کار دەبی نرێ , نەك ئا مانج , بۆ یە مرۆڤ هەر کارێك بکات و بۆ هەرلا یەك ب چێت ز مان بەکاردەهێنێ . وا تە بە جۆر یێك لە گەل زما ندا ئاوێ تەی یەکتربوونە , ناتوانرێت لێك جیا بکرێنەوە .

پێناسەکردنی ئەم دیاردەیە ئاڵۆزە ( ز مان ) کارێکی وا ئا سان نی یە ,بۆ یە زمانەوا نەکان بۆ پێنا سەی دیاردە یەکی وەك ز مان هاوڕانین , هەریە کەو لە روانگە یەك سەیری ز مان دە کات و بە پێی زاذ یاری و شارەزایی خۆی لە چ بوارێك لەو روانگەیەوە سەیری زمانی کردووە , پێناسەی کردووە .

لێرەدا لە دوو روانگەوە بیرو بۆچوون و پێناسەکانی زمان دەخرێتە روو :

### <u>یەکەم /</u> لە ڕووی وشەییەوە :

لەناوی ئەو ئەندامەوە هاتووە , کە لە ناو زاری ئادەمیزاد دایە , بۆ دروستکردنی دەنگ و قوتدانی

خۆراك بەکاردێ . بەلام ئەوەی کە بۆ تە هۆی سەرەکی ناولێ نانی بۆ درو ستکردنی دە نگ و و شە و ر ستە و ئاخاوتن دەگەرێتەوە . کەواتە زمان بە لێپسراوی یەکەم دادەنرێت بۆ ئاخاوتن .

## دووەم / لەڕووی زاراوەوە :

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا , زمان رواذ گەو پێنا سەی ج ياوازی بۆ كراوە , لە خوارەوەش هە ندێ لەو پێناسەو روانگە جياوازانە دەخەينە روو :-

-"مارتـ نت" دەڵ يێت : ( ز مان هۆيە كە بۆ لە يەك گەي شتن , دەكر يێت بە چەند دانە يەكی وردەوە , كە هەريەك لەو دانانە خاوەنی واتا و فۆرمن .

-"كۆ زمانەوانەكان " دەڵێت: ( ز مان كۆمە ڵە شێوازێكی جيا يە , كە هەريە كەيان بۆ بارێكی تاي بەت دەست دەدات ,( لە روانگەی كۆمەلايەتی ).

-"هۆگۆ شۆخارت" دەڵێت : ( زمان بەرهەمی دەرونی تاكە كەسێكە ) ,( لەلايەنی دەرونی ).

جگە لەم پێناسەی سەرەوە چەندين پێناسەی تر لە ئارادان , كە هەر هەموويان لەو خا ڵە يەك دەگر نەوە كە زمان چەند تايبە تمەنديەكی هەيە .

### ١-٢- چەمك و ماناكانی زمان :

زاراوەی زمان دوو واتای هەيە , واتايەكی تەسك و واتا يەكی فراوان , ئێ مە لە زمانەواذ يدا زۆر بەی كات خۆمان بە واتا تەسكەكە دەبەستينەوە .

### ١- واتای فراوانی زمان بريتيە لە :

أ  هەموو نيشانەكانی ما تماتيك و لۆجيك و ...هتد .

ب  زمانی گيانەوەران ( سيستەمی پەيوەنديكردنی ئاژەلان ).

ج  سيستەمەكانی بزاوتن , وەك : ( جولەی دەست و دەم و پەو و ... ).

### ٢-واتای تەسكی زمان :

مەبەستمان زمانی مرۆڤە , واتە زمانی سروشتی , كە بريتييە :

لەو پەيرەوە دەنگيـ يەی , كە مرۆ ڤەكان لەناو خۆيا ندا بەكار يدەهێنن بۆ مەبە ستی د ياريكراو و پەيوەنديكردن و دروستكردن , ئەمەش هەمان واتە تەسكەكەی زمانە كە لە سەرەوە ئاماژەمان پێكرد.

## ١-٤- پێناسەی زمانەوانی :

زانایانی زمانەوانی ( Linguistics ) هاو چەرخ زما نەوانی بەوە پێنا سە دە کەن زما نەوانی لێکۆڵینەوە یە لە ز مان، لێکۆڵینەوە یەکی زاذ ستی و با بەتی، پشتبە ستوو بە وە سف و شیکردنەوە. توێژینەوە یەکی زانستیانەی زمانە هەر بۆیەش زاراوەی زانستی زمانی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەم پێ یە زاذ ستی ز مان دا بەش دەبێتە سەر دو زاراوە ( زانست ) و ( زمان ) .

## ١-٥- لقەکانی زمانەوانی :

**أ- زمانەوانی تیۆری** ( Theoretical Linguistics ):

زمانەوانی گشتی بۆ ئەم جۆرەی زما نەوانی بەکاردێنن. زاذ ستێکە لێکۆڵی نەوە لە بیردۆز و پرۆ گرام و دیاریدە زمانەوانییەکان و گەشەی ز مانی مرۆڤ بە پ ێی ئا ستەکانی دەنگ سازی و وشە سازی و رستە سازی و واتا سازی لە کۆن و نو ێدا لە گ شت زمانەکا ندا دە کات . سەرەڕای ئەما نەش باس لە رێبازە کانی لێکۆڵی نەوە و دە سکەوت و کەموکوڕیان لە زما ندا دە کات وەك رێ بازی م ێژوویی و وە سفی و بەراورد و بەرامبەری . ئەم لقە زمانەوانییەش چەند جۆرێکە لەوانە :

١- **فۆنەتیك** / ئەو لقەی دەنگ سازییە ، دیاردە یەکی گ شتییەکە لە دەذ گەکانی ز مان دەکۆڵی تەوە لەڕووی دروستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنەوە واتە لە کەرەستە هەرە خاوەکانی زمان دەکۆڵێتەوە.

- **فۆن**/ بچووکترین دانەیە لەقسەکردندا بە لێکدانیان ئاخاوتن دروست دەبێ.

٢- **فۆنو لۆجی**/ ئەو لقەی دەنگ سازییەکە لە دەذ گەکانی ز مانێکی تاب یەت دەکۆڵی تەوە لە رووی دەستنی شانکردنی فۆنی مەکانی ئەو زما نەوە چونیەتی ریزبە ندی و لێ کدانیان لە قاڵبی بر گەی فۆنولۆجیدا. هەروەها دەستنی شان کرد نی ئەو گۆرانا نەی کە بەرە فۆنیمەکا ندادێ لە کاتی لێ کدانیان، وەك سوان ، لێکدان ، گۆران، جێگۆرکێ.

- **فۆنیم** / کورتترین دەنگەکە واتا دەگۆڕێ وەك ( دە نگ ، رە نگ ، زەنگ ) بەهۆی یەك فۆنیم واتا کە گۆڕا ( د □ ڕ □ ز ).

٣- **مۆرفۆلۆجی**: لە پێکهاتەی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە.

- **مۆرفیم**/ بچووکترین دانەی واتادار زمانە، یان خاوەن ئەرکی زمانە.

٤- **سینتاکس**/ لەدەستووری دانە پاڵ و ریزکردنی وشەکان دەکۆڵیتەوە لە چوارچێوەی ڕستەدا.

**٥- واتاسازی:** ئەم ئاستە بریتییە لە دوو لق:

**أ- سیمانتیك/** لە دیوی ناوی هێما دەكۆڵێتەوە ، واتە پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراوە.

**ب- پراگماتیك/** لە پەیوە ندی ذ یوان هێ ما و بەكارهێنەرە كە دەكۆڵێ تەوە ، وا تە لێكدا نەوەی واتا یە لە دەوروبەری گوتن.

**ب- زمانەوانی كارەكی** ( Applied Linguistics) :

## ١- پێناسەی زمانەوانی كارەكی :

* زما نەوانی كارەكی : (( بوارێ كە لە بوارە كانی زما نەوانی ، كە بریتی یە لە ئە نجا مدانی یان جێ بەجێكردنی ئە نجام و شێوازە هونەر یەكانی مێ تۆدی ز مانی لە شیكردنەوە و لێكۆڵی نەوەی بوارێكی نازمانیدا )) .

* زمانەوانی كارەكی : (( بریتییە لەو شێزازانەی یان ئەو ئە نجاما نەی لە با بەتێكی زمانەواذ یدا فێ ری دەبین یان دەستمان دەكەوێت كاتێك لە بوارێكی نازمانیدا بەكاریدەهێنین )) .

* زمانەوانی كارەكی : (( لقی دووەمی زمانەوانی یە و سود لە ئە نجامی لێكۆڵی نەوەكانی زما نەوانی گ شتی وەردەگرێت و لە بواری زمانی دیاریكراو پڕاكتیزەی دەكات )) .

كەواتە زمانەوانی كارەكی ئەو لقەی زانستی زما نە، كە تیا یدا بزماتۆرە كانی ز مان لە بواری نازماذ یدا پراكتیزەیان دەكات ،(١)

لقە زمانەواذ یەش چەند چەند جۆرێ كە لەوا نە : ( زما نەوانی دەرو نی ، كۆمەلا یەتی ، فێركرد نی ز مانی دووەم ، فەرهەنگسازی ، ...هتد ) .

## ٢- مێژوی سەرهەڵدانی زمانەوانی كارەكی :

لەڕا ستیدا لا یەنی لێكۆڵی نەوەی زما نەوانی كارەكی هەرلە سەردەمی ( ئەفلاتون و ئەر ستۆ) هەبووە، چونكە دەستنی شانی دەذ گەكانی زماذ یان كردووە لە بواری زما نەوانی پڕاكتیك یدا ، بەواتا یەكی تر دەتوانین بڵێین لە سەرەتای لێكۆڵی نەوەی زما نەوانی با بەتی كارەكی هەر هەبووە ، بەلام بەم شێوەی ئێستا نەبووە، چونكە زمانەوانی پراكتیكی بەشێوەیەكی سەربەخۆ و یا لێكۆڵینەوەی لەسەرنەدەكرا .

بەلأم بەگشتی لەدوای سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەم زانستە (زانستی زمانەوانی کارەکی) سەریهەڵدا، ئەمەش لەوکاتەی کە بیردەکرایەوە بۆ ئەوەی تاقیگەی دەنگی دروستبکرێت بۆ لاسایی کردنەوەی دەنگی مرۆڤ لەوێوە بوارێك سەریهەڵدا بەناوی کارەکییەوە .

ساڵی ( ١٩٦٠ ) بە سەرەتای گرنگی سەرهەڵدانی زمانەوانی کارەکی دادەنرێت ، چونکە کاتێ گای لێکۆڵینەوەی بواری زمانەوانی کارەکی بوو ، بەتایبەتی لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، لە بەر ئەوە زاناکان وایان بیردەکردەوە کە یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان میللەتاندا تێکنەگەیشتنە لە یەکتر ، هەر لە بەر ئەوە هەوڵیاندا تەکنیکی فێرکردنی زمان بۆ خەڵك ئاشکرا بکەن ، وە باشترین پرۆگرام و ڕێگا بدۆزنەوە بۆ فێرکردنی زمان ، هەروەها بە تەوژمێکی زۆر توند فێربوونی زمانی دووەم بایەخی پێبداو خرایە ناو خوێندنی زانکۆیی .

## ٣- زمانەوانی کارەکی لای ئێمەی کورد :

لای ئێمە زانستێکی تازەیە و دەکرێ بڵێین لەناوەڕاستی (٨٠ ) کانی سەدەی (٢٠)ەم دەستیپێکرد . لە ساڵی (١٩٩٥) وە کو بابەتێکی زمانەوانی لە زانکۆی سەلاحەددین گرنگی پێدرا و خرایە نێو بەرنامەی خوێندەوە .

ئەم زانستە لای لە زۆربوارنامەی زانین و توێژینەوەی جیاوازی بۆخۆیەوە دیوە ، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە بەشداری لە تاوان کردووە ، یان باسی کە سانی تر دەکات ، کە پەیوەندیان بەتاوانەوە هەیە، جگە لە مەش لە بواری نەخۆشیەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان ڕۆڵی هەبووە، هەروەها لە فێرکردنی زمانی یەکەم و دووەم لەم ڕوانگەیەوە ئەم زانستە هەنگاوی گرنگی ناوە .

ئێستاش ئەم زانستە (زمانەوانی کارەکی) لەنێو سیستەمی خوێندنی بەکالۆریۆس و باڵا لەنێو زۆربەی زانکۆکانی کوردیتان دەخوێندرێ و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە .

## ٤- گرنگی و ئامانجی زمانەوانی کارەکی :

زمانەوانی کارەکی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی لەنێو سەرجەم بوارەکانیدا هەیە ، لەوانەش :

١- زمانەوانی کارەکی گرنگی بە فێرکردنی زمان دەدات .
٢- زمانەوانی کارەکی گرنگی بە نەخۆشیەکانی گوتن دەدات و چارەسەری گونجاویان بۆ دەخاتە ڕوو
٣- هەوڵدەدات بنەما تیۆریەکانی زمان بەکارەکی بکات .
٤- ئامانجی زمانەوانی کارەکی ئەوەیە باشترین ڕێگا و تەکنیك بدۆزێتەوە لە بواری گەشەکردنی فێربووندا.

٥- گرنگی بە کۆکردنەوەی داتـا دەدات لەچوارچێوەی کاری مەیدانیدا .

## ٥-چۆن سودلە بواری زمانەوانی کارەکی وەردەگریت ؟

بۆ نموونە :

کاتـ ـێك پـ سپۆرێك هەوڵی چارە سەرکردنی کێ شەی گۆکردن دەدات لە مـ ـنداڵێکی تـەمن (٤) ساڵیدا پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لەو هۆکارا نەی کەوا بۆ تـە هۆی فێر بوونی ئەو مندا ڵە (٤) ساڵیە قـ سە کردنی بە زمانی دایك .

هەندێکجار لە هەندێ کێشەی تـاوان سودی لێ وەردە گرێ ، ئە ـمەش بۆ زانیـ ـنی (نـا سینی) ئەو کە سەی لە پشت ئەم تـاوانەیە هەر لەرێگای قسەکردن و هـ ـێز و ئـاواز و گفتو گۆوە دەبـ ـێت ، کاتـ ـێك پۆلیـ سێك کۆ مەڵێك گوتـراوی تۆمارکراو بەبەڵگەوە دێنێتەوە یـان کـاتێك کەسێکی گومانلێکراو دەگرێ لە ڕێگەی قسەکانیەوە

## ٦- جیاوازی نێوان زمانەوانی تیۆری و کارەکی:

زمانەوانی تیۆری و کارەکی چەند جیاوازییەك لە نێوانیاندا هەیە گرنگترینیان بریتین لە :

- دانانی تیۆر لە زمانەوانی تیۆری و پراکتیزەکردنی لە زمانەوانی کارەکی .

- زمانەوانی کارەکی بەرجە ستەکردنی زما نەوانی تیۆریـ ـیە و پێـ شنیارەکانیی زما نەوانی تـ ـیۆری پراکتـ ـیزە دەدات .

- گرنگی بە پرۆسەی وەرگرتنی زمان دەدات و زما نەوانی کارەکی لە روانـ گەی بەکارهێنا نەوە لە پرۆ سەی وەرگرتنی زمان دەڕوانێت .

## ٧- لقەکانی زمانەوانی کارەکی:

### ١- زمانەوانی دەرونی (Psycholinguistics) :

لقێ کە لە زما نەوانی لە پەیوە ندی نـ ـێوان ز ـمان و دەروون دەکۆڵێ تەوە. ئەرکی زما نەوانی دەرو نی چۆنییەتی وەرگرتـ ـنی زما نە لای مـ ـناڵ و هەو ڵدان بۆ دۆزیـ ـنەوەی هۆکارە کانی نەخۆ شییەکانی ز ـمان و

کەموکوڕی ئاخاوتن و پەیوەندی ن یوان ز مان و بیر و پلا نداناکانی ز مان و هەڵ بژاردنی و شە و زانی نی رادەی کاردانەوەی دەرونی منداڵە لەکاتی فێری ز مانی دا یك یان ز مانی بێگا نە دەب ێت یان زانی نی کاردا نەوەی ڕەفتاری کەسانێکی بەتەمەن کە فێری زمانی بێگانە دەبێت .

- بوارەکانی زمانەوانی دەروونی :

١- نەخۆشییەکانی گوتن.

٢- زمان و بیر .

٣- وەرگرتنی زمانز

٤- نەخۆشییەکانی زمان.

٥- پلاندانانی زمان.

٦- فێرکردنی زمانی دووەم.

## ٢- زمانەوانی کۆمەڵایەتی (Socio linguistics) :

ئەم زان ستەی زما نەوانی ز مان وەك دیاریدە یەکی کۆمەڵا یەتی لێکدەدا تەوە . وەك گ شت گ شت دیار یدەکانیتر لە سەرهەڵدان و گە شە و دابە شبونی ز مان بۆ چەند زارێ کی ج یاواز. زما نەوانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی خۆی لە رواز گەی کۆمەڵایەتی یەوە بە پ ێی ئا ستەکانی دەنگ سازی و وشە سازی و رستەسازی و واتاسازی دەکات . هەو ڵدەدات ئەو یا سا و رێ سا کۆمەڵایەتیا نە دەر بخات کە رونکرد نەوە و رێکخستن بۆ ڕەفتاری زمان و تاك دە کەن لە پەیوە ندی ن یوان ز مان و کۆ مەڵگا . ئەم زان ستە ج گە لەم ئەرکانە، لەو هۆکارا نە دەکۆڵێ تەوە کە وادە کات یەکێ لەم زارا نە ببێ تە ز مانی ستاندەرد . هەروەها ج یاوازی ن یوان ز مانی نو سین و ق سەکردن لێکدەدا تەوە . سەرەڕای ئەما نە کارتێکردنی ز مان لە سەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی لێکدەداتەوە .

بەم پێیە زمانەوانی کۆمەڵا یەتی هەو ڵەکانی بریتی یە لە لێکۆڵی نەوە لە ز مانی مرۆڤ لە چوار چێوەی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی زمان لەناو کۆمەڵدا .

- بوارەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی:

١- زانستی زارە کۆمەلایەتییەکان.

٢- جۆراوجۆری زمان.

٣- زمان و دیاردە کرمەڵایەتییەکان.

٤- زمان و کۆمەڵ.

٥- لێکۆڵینەوەی دەقەکان.

٦- جووت زمانی و فرە زمانی...هتد.

## ٣-فەرهەنگ و فەرهەنگسازی :

### - پێناسەی فەرهەنگ:

- فەرهەنگ تۆمارگەیەکە وشەکانی زمانێك یان چەند زمانێکی تێدا تۆماردەکرێ, بە مەبەستی پاراستنی وشە و زاراوەکانی زمان لە لەناو چوون, هەر فەرهەنگە، کە کلتور و شارستانیەتی میللەتان پیشاندەدات.

### جۆرەکانی فەرهەنگ:

بەشێوەیەکی گشتی فەرهەنگ بەسەر دوو جۆر دابەش دەبێت:

**یەکەم: جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی روخسارەوە:**

ئەم جۆرەیان بەم شێوەی خوارەوە دابەش دەبێت:

**١- فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی:**

ئەم جۆرە فەرهەنگەیە کە لەنێو زمانی نەتەوەیی دادەنرێت, دەکرێت دیالێکتە جیاوازەکانی زمان بگرێتە خۆ, وەك فەرهەنگی ( خاڵ )ی ( کوردی ــ کوردی ) ( شێخ مەحمەدی خاڵ ) .

**٢- فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی ــ بیانی:**

ئەم جۆرە فەرهەنگەیە, کە لەنێوان دوو زمانی جیاواز نووسراوەتەوە, وەك: فەرهەنگی ( ئەستێرە گەشە ) ( کوردی عەربی ) فازل نیزام الدین.

**٣- فەرهەنگی زمانی ( بیانی  نەتەوەیی ):**

ئەم جۆرەشیان لە نێوان دوو زمان دا یە بەڵام بە پێ چەوانەی جۆری دووەمیا نە وە کو فەر هەنگی ( ئینگلیزی - کوردی ) سەلام ناوخۆش.

**دووەم / جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕوی ناوەڕۆکەوە:**

**ئەمیش دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە:**

١. **فەرهەنگی گشتی:** ئەو جۆرە فەرهەنگەیە کە زۆر بەی بوارە جیاجیا کان لە خۆ دەگر یٚت کە و شەو زاراوەکانی تێدا کۆدەکرێتەوە و لێکدەدرێتەوە.
٢. **فەرهەنگی تایبەتی:** ئەم جۆرە تایبەتە بە و شە و زاراوە کانی بوارێکی تای بەت و د یاری کراو بۆ نمونە فەرهەنگی سیاسی یان پزیشکی.
٣. **فەرهەنگی فیلۆلۆژی:** ئەم جۆرەیان ڕەگ و ڕەسەنی وشەکان دەخاتەڕوو.
٤. **ئنسکلۆپیدیا:** ئەم جۆرە یان زۆر ترین زان یاری لە بارەی ڕووداو و م ێژوو و کە سایەتییەکان لە خۆدەگرێت.

**سوودەکانی فەرهەنگ:**

١- پارا ستنی و شەکانی ز مان لە مەتر سی لەناو چوون، چونکە بە تێ پەڕبوونی کات و شە کۆ نەکان لەناودەچن و بیردەچنەوە وشەی نوێ جێگایان دەگرێ تەوە، بۆ یە فەر هەنگ و شە کۆ نەکان لەخۆ دە گرێ وەك ئەرشیف دەیان پارێزێ.

٢- دەبێتە هۆی لابردنی ج یاوازی لە نوو سین، دەبێ تە تا کە سەر چاوەیەك بۆ وەرگرت نی و شە و زاراوە و جیاوازی لە نووسین ناهێلێت.

٣- دیاری کرد نی جۆری و شە لەڕووی پێکهات نەوە، پۆلی و شە وەك ئەوەی و شەکە ( ناوە، ئاوەڵ ناوە، ئاوەڵکارە ) لەگەڵ شوێنی بەکارهێنانیان ( ڕەسمی، ناڕەسمی، بازاڕی... )

٤- بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانرێت هەموو دیالێکت و بەش و شێوە زارەکانی زمانی کوردی کۆبکرێتەوە.

٥- فەرهەنگ دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەو کەسانەی زان یاری تەواویان دەر بارەی زمانە کە ن یە یاخود هیچ زانیاریەکیان لەبارەی زمانەکەوە نیە.

- **ئامانجی دانانی فەرهەنگ:**

فەر هەنگ وە کو با بەتێکی زاذ ستی ئا مانج گەلێکی زۆری هە یە, لـ ێرەدا گرینگترین ئاما نجەکانی فەرهەنگ دەخەینەڕوو:

١.تۆمار کردنی وشە و پاراستنی واتاکانییەتی.

٢.هەڵبژاردنی کەرەسە و ڕیزکرنی بە پێی ئەلف و بیٚ یە .

٣.لابردنی لێڵی لەسەر وشە و زاراوەکانی زمانەکە.

٤.ئاما نجی فەرهەنگ زیاتر بەندە بە سروشتی کەسەکان و بابەتی فەرهەنگەکە.

❖ ئەرکی فەرهەنگ:

١. پێدانی واتای وشە.

٢.نیشاندانی واتای وشە.

٣.بنچینەی داتاشین و داڕشتنی وشەکان.

٤. پێدانی زانیاری وشەسازی و ڕێزمانی.

٥.خستنەرووی زانیاری بەکار هێنان.

**مێژووی سەرهەڵدانی فەرهەنگی کوردی: ئەم مێژووەش چەند قۆناغێکە:**

**قۆناغی یەکەم: قۆناغی سەرەتایی:**

یەکەم کاری کورد لە بواری فەرهەنـگدا دەگەڕێـتەوە بۆ سەدەی حەڤدە هەم (١٦٨٢- ١٦٨٣) کە یە کەمین فەرهەنگی کوردی (نەوبەهار) لە لا یەن شاعیری گەورەی کورد ئە حمەدی خانی (١٦٥٠- ١٧٠٧) دا نراوە، ئەم فەرهەنگە بریتی یە لە فەرهەنگێکی بچووك کە بە (ز مانی عەرەبی- کوردی) بە د یالیٚکتی کر ما نجی سەروو نوسراوەتەوە و زیاتر بۆ فێر بوونی ز مانی عەرەبی نوو سراوە نەوەك خز مەتکردنی ز مانی کوردی، هەروەها بەشێوەی هۆنراوەیی نووسراوە. ئەم فەرهەنگەی بۆ مـندالانی کورد دا ناوە بۆ ئەوەی فـ ێری ز مانی عەرەبی بین.

- ((کتێبی گارزۆنی- ئیتالی یە دە ستوری ز مانی کوردی، بەلام لە کۆتاییدا فەر هەنگۆکی بۆ کردووە هەندێك وشەی کوردی بە ئیتالی بەرامبەری نوو سیوە، ئە مە دە توانین بـلێین یە کەم کارێ کە لە ئەورو پا کرابیٚ لە ساڵی ١٧٨٧ز)).

- دوا تر فەر هەنگی شێخ عارفی نۆدەیی دێ بە ناوی (ئە حمەدی) کە لە ساڵی (١٧٩٥)ز نوو سراوە، ئەمەشیان هەر بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی یە کە فەرهەنگێکی (عەرەبی- کوردی)یە.

**قۆناغی دووەم/ قۆناغی جەنگی جیهانی و سەرەتای سەدەی بیستەم:**

لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا هیچ فەرهەنگێکی کوردی نابینیـنەوە کە خاوەنەکەی کورد بـێت، تەنیا لەو سەردەمە رۆژهەلاتناسەکان ئەوانەی لەو ناو چانە مابوو نەوە وەکو (مێجەر سۆن) لە ساڵی (١٩١٣) لە لەندەن فەرهەنگێکی (ئینگلیزی- کوردی) نووسیوە.

- (باسیل نیکیتین) لە ورمێ لەساڵی (١٩١٦) فەرهەنگۆکێکی (ڕووسی- کوردی) بلاوکردۆتەوە.

هەروەها(ر.ف جاردین)لە ساڵی (١٩٢٢) لە بە غدا فەر هەنگێکی ( کوردی- ئینگلـ یزی) بڵاوکردۆ تەوە. (جاردین) دەربارەی ڕێزمانی کوردی شتی نووسیوە.

**قۆناغی سێیەم/ قۆناغی دوای جەنگی جیهانی:**

لەدوای سالانی سیەکانی سەدەی بیـ ستەم فەرهەنگ سازی بەرەو فراوا نی چوو بەهۆی قوڵبوو نەوەی هەستی نەتەوایەتی، یەکێك لە کارە گرینـ گەکانی ئەو سەردەمە گرینـ گی دان بوو بە ز مان و ئەدەب و مێژووی کورد. لێکۆڵینەوە لەم بوارا نە ڕێ گای خۆ شکرد بۆ سەرهەڵدانی فەرهەنگ سازی بەهۆی دەر چوونی چەندین گۆ ڤار بواری فەرهەنگ سازی بە ز مانی تارادە یەك ئا سانتربوو وەك (لیـ ستی زاراوە کانی کۆمەلایەتی و سیاسی) (جەلادەت بەدرخان) کە لە گۆ ڤاری هاواردا بلاوی کردۆ تەوە، هەروەها زاراوە کانی عەلا ئەدین سەجادی کە لە گۆ ڤاری نزار، هەروەها شاکر فەتاح لە ساڵی ١٩٣٤ فەر هەنگێکی بلاوکردۆتەوە.

**قۆناغی چوارەم/ قۆناغی پە نجاکان و شەستەکان:**

- لە ساڵی (١٩٥٠) فەرهەنگی (ڕابەر) کە فەر هەنگێکی ( عەرەبی- کوردی) یە لە لا یەن گـ یوی موکریانـ یەوە دەرچوو.

- لەساڵی(١٩٥٥) فەر هەنگی (کۆڵـ کە زێڕیـ نە) کە ( کوردی- فار سی- عەرەبی- فەرەنـ سی- ئینگلیزی) یە لەلایەن گیوی موکریانیەوە دەرچوو.

- فەر هەنگی ( مەردۆخی ) كە فەر هەنگێكی ( كوردی- فار سی- عەرەبی ) یە لە ساڵی ( ١٩٥٦ ) لەتاران چاپكرا لە لایەن( مەردۆخی ).

**قۆناغی پێنجەم/ قۆناغی ساڵی حەفتاكان و هەشتاكان:**

ئەم قۆناغە بە قۆ ناغێكی چالاك دادەنر ێت لەبواری فەرهەنگ سازی دا، چونكە كۆمە ڵە فەر هەنگێكی باشی تێدا دەرچووە كە هەریەكە بەهاو گرینگی خۆی هەیە .لەوانە :

- فەرهەنگی ( عبدالرحمن زەبیحی ) بەرگی یەكەم لەساڵی( ١٩٧٧ ) بەرگی دووەم لەساڵی( ١٩٧٨ ).

**قۆناغی شەشەم/قۆناغی دوای ڕا پەڕین:**

ڕا پەرینی ساڵی( ١٩٩١ ) وەر چەرخانێكی م ێژوویی زۆر گەورە بوو لە م ێژووی گەلی كورددا گاریگ گەری گەورەی هەبووە لەسەر هەموو لایەن و بوارە كانی ژیا ندا بە تای بەتی لەبواری نوو سین و پێشخ ستنی ز مان و ئەدەبی كوردی، چونكە بواری چاپ و چاپەمەنی ز یاتربوو، بە سەدان گۆ ڤار و ڕۆژنا مەی نوێ هاتەكایەوە، ئاسۆی بیری خەڵكی فراوانتر بوو، ئەم ڕا پەڕی نە كاریگ گەری گەورەی هەبوو لە درو ست بوون و هاتنی گەلێك و شە و زاراوەی نوێ فەرهەنگ سازی كوردی دەوڵەمە ند كرد, كە بووە ما یەی دەر كەوتنی چەندین فەرهەنگ بەزمانی كوردی لەبوارە جیاجیاكانی زانستدا.

## ٣- زمانەوانی بایەلۆجی ( Biological linguistics ) :

ئاما نجی سەرەكی ئەم زانستە زانین و تێگەی شتنە لە پەیوە ندی ن ێوان ئەركی ز مان و ئەركی با یەلۆجی لە مێشكی مرۆڤ . بۆ ئەوەی سود لەم زانیارییا نە وەرب گرین بۆ چارە سەركردنی نەخۆ شییەكانی گوتن و شارەزابون لە رۆنانی بایەلۆجی ز مان . هەروەها لەم بوارەدا هەو ڵدراوە بۆ هە ندێ لەو ئاژەڵا نە ف ێری زمانی قسەكردن بكرێت . جگە لەمانە لە راستی ئەوە دەكۆڵێ تەوە ئا یا مێ شكی مرۆڤ چەند بە شە و كا مە بەشیان بەرپرسە لە زمان ؟ هەروەها ئایا منداڵ فێری زمانی دا یك دەب ێت یان ز مانی دا یك گە شەیەكە لە نێوان ئەركی زمان و ئەركی بایەلۆجی .

زمان چەند بنەمایەكی بایەلۆجیان هەیە، كە بریتییە لە :

١- كۆئەندامی دەمار .

٢- كۆئەندامی دەنگی .

٣- کۆئەندامی بیستن .

## ٤- زمانەوانی جوگرافی ( Geographical Linguistics ) :

ئەركی ئەم جۆرەی زمانەوانی لێكۆڵینەوەیە لە گۆڕانكاریی یە زما نەكان لە ماوە یەكی د یاریكراو. ئە مەش ئەوە دەگەیەنێت گرنگی بە ڕەهە ندی جوگرافی د یاردە زمانی یەكانی زار ێك دەدات . بێ ئەوەی گرن گی بە بنەمای مێژوویی ئەم گۆڕانكاریانە بدرێت هەروەها گرن گی دەدات بە ئەتڵە سی زما نەوانی و بۆ دەرخ ستنی دابەشبونی جوگرافی دیاریدەكان .

## ٥- زمانەوانی ئەنپرۆپۆلۆجی ( Anthropological Linguistic ) :

ئەم زان ستە ز مانی مرۆڤ و تایبە تمە ندی مرۆڤ بە گ شتی بە یەك دەبە ستێتەوە، وەك تایبە تمە ندی بایەلۆجی كەلتوری بە پ ێی كات و شوێن. دە توانین ب ڵێین زما نەوانی ئەنپرۆپۆلۆجی لەو پەیوەندی یە كۆمەڵایەتیانە دەكۆڵێتەوە كە لە نێوان زمان و مرۆڤدا یە و بە تای بەتی ئەو زما نەی مرۆڤ بەكار یدێنێت و نهێنییەكانی گەشەی مرۆڤایەتی و ڕەنگدانەوەی لە زماندا ئاشكرا دەكات .

## ٦- زمانەوانی ما تماتیكی ( Mathematical linguistics ):

ئەم بابەتەی زمانەوانی لە پەیوە ندی ز مانی مرۆڤ بە ما تماتی كەوە ئا شكرادەكات و لە سەر بناغە یەكی ما تماتیكی لە زمان دەكۆڵێتەوە . زما نەوانی ما تماتیكی ز مان وەك زان ستێكی پراكتی كی سەیردەكات و لە گشت ئاستەكاندا .

## ٧- زمانەوانی سیاسی ( Institutional- Linguistics ) :

لقێكە لە زمانەوانی كۆمەڵایەتی، بەڵام لەبەر گرنگی بۆ تە لقێ كی سەربەخۆ . ئەركی ئەم جۆرەی ز مان هەوڵدانە بۆ پاڵپ شتیكردنی ز مانی ستاندەرد و بەهێزكردنی بەمەبە ستی یەكخ ستن و پاككرد نەوەی لە وشەی ب یانی و زارە كان هەروەها هەو ڵەكانی چڕەدكاتەوە بۆ یەكخ ستنی سی ستەمی نو سین لەو ژین گە جیاوازانەی كە زمانیتریان تیا بەكاردێت . ئەركێكیتری ئەم زمانەوانی یە گرنگیدا نە بە لێكۆڵی نەوە لە گوتار و نوسینی سیاسی كە لە بۆنە فەرمییەكان و نافەرمییەكاندا بەكاردێن .

## ٨ ) زمانەوانی ئامێری  ژمێریاری  كۆمپیوتەر: Computational Linguistics

ئەم زاز ستە لقێ کە لە زاز ستی زما نەوانی کارەکی کە ز ەان دەخا تە ناو کۆمپیو تەر و کۆمپیو تەر بەکاردەهێنێ لە شێکردنەوەی ز ەان دا ، ز یاتر با یەخ بەزاز ستی وەرگێرا نی ئامێری دەدات دوو بارە گێرانەوەی ئەو زانیاریانەی کە خراونەتە ناو مێشکی کۆمپیوتەرەکە.

## ٩ ) زمانەوانی ئامار : Statistical

ئەو زانستەیە کە شێوازی ئاماری بەکار دەهێنێت لیکۆلیـ نەوەکانی زما ندا. وا تە بە ئا مار دێتا کان دەخا تە روو شیان دەکاتەوە.

## ١٠) زمانەوانی دەق: Text Linguistics

ئە مە لقێ کە لە لـ قەکانی زما نەوانی کە لیکۆلیـ نەوە لە سەر دە قی نوو سراویان گوتراو دە کات وەك پارچەیەکی وەسفی یان د یمەنێکی شانۆگەری یان گفتوگۆ یەك. هەروەها با یەخ دەدات بە شێوازەکانی ریزکردن و ریکخستنی دەق و پەیوەندی پارچەکانی دەق بەیەکەوە بۆ گەیاندنی واتا.

## ١١ ) زمانەوانی پەروەردەیی: Educational Linguistics

لقێکە لە زمانەوانی کارەکی لە پەیوە ندی ذ یوان ز ەان و پەروەردە و ز ەان و فێر کردن دەکۆلیـ تەوە. ئەم زاراوەیەش لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکارهاتووە بۆ ئاماژە کردن بەم لقە لە زمانەوانیدا.

## ١٢ ) زمانەوانی فێرکاری: Pedagogical Linguistics

لقێ کە لە زما نەوانی گرنـ گی گرنـ گی دەدات بە چاککردن و بەرەو پێش برد نی توا نایی فێر بوون لای قوتابیان بە هۆی بە ستنەوە زما نەوانی و عل و کەچ کرد نی بە گە شەی فێر کردن لە قوتا بخا نەکان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە رووبەرووی فیرکردن دەبـ نەوە. لەم بوارەدا چەندین رێ گا پێ شنیاز دە کات بۆ فێرکردن بە پێی گەشەکردن قوتا بخانە زمانەوانیەکانەوە.

## ١٣ ) زمانەوانی فۆلکلۆری: Folk Linguistics

لێکۆلینەوەی چەمکە باوە کانی زما نە لە ناو کۆ مەلگای ز ەانی لە بیرو بۆ چوونەکانی جەماوەر بە تایبەتی ئەوانەی پسپۆڕ نین لە بواری زماندا دەکۆلێتەوە.

**-( فێربوونی زمان و تیۆرەکانی )** ( language learning and theories )

هەرچەندە زمان بە سیستەمێکی ئاڵۆزدا دەڕوات, بەلآم لە گەڵ ئەوە شدا م ندالّ بە شێوەیەکی گ شتی لە تەمەنێکی دیاریکراودا فێری زمان دەبێت, بە تایبەتی زۆر بەی لێکۆڵی نەوەکان ئا ماژە بەوە دەدەن کە لە پێنجەم ساڵی تەمەنیدا سەرکەوتوو دەب یت لە وەر گرتن و فێر بوونی زما ندا, ( ج گە لەو منداڵا نەی کە دووچاری نەخۆشییەکانی گوتن و ئۆتیزم دەبن ).

**( تیۆرەکانی فێربوونی زمان )**

زانا یان بە تایبەتی دەروننا سەکان لە با بەتی با سکردنی فێر بوونی زما نەوە چەند تیۆرێک یان داڕشتووە, لە چوارچێوەی هەریەك لەو تیۆرا نە دا کۆکی لە سەر لا یەنێکی فێر بوونی ز مان کراوە تەوە کە بریتین لە :

**١ ــ تیۆری ڕەوشتی :**

ئەم ت یۆرە وای بۆ دە چێت، کە پێوی ستە بۆ تێگەی شتن لە فێر بوونی ز مان سەرنج لە ڕەو شت و هەڵ سوکەوتی م ندالّ بدرێت, چونکە بەلای ڕەوشتنا سەکانەوە لایە نە عەقلی و فیکری یەکان توا نای سەرنجدانیان نیە, کە چی لا یەنی ڕەو شت توا نای سەرنجدان و تۆ مارکردن و چاودێریکردنی هە یە. ئەم تیۆرە وا بە باش دەزا نێ کە م ندالّ لە بەراە بەر هەر ڕەو شتێکی بەرامبەرەکاذ یدا ئەویش ڕەو شتێك دەنوێ نێ, دەبێ نێ بەراە بەرەکانی هەڵوە ستە دە کەن و پ یّی دڵ خۆش دە بن, ئەوا ئەم ڕەو شتە لای جێگیردەبێت و دوبارەی دەکاتەوە .

لەم بارەیەوە ( واتسۆن و سکینەر ) کە دامەزرێنەری ئەم ت یۆرەن, وای دەب ینن کە ز مان خۆی ڕەو شتێکە لە سەرەتاشدا هەر لە سەر ب نەمای ( کار و کاردا نەوە ), وا تە ڕەو شتەوە درو ستبووە. لە سەر ئەم بنەما یە ( بلومفیر لد ) لە داڕ شتنی بیرۆکەکاذ یدا چەمکی ز مانی و ناز مانی دەهێنێ تەوە, چیرۆکێك لە سەر زاری ( جاك ) و ( جیل ) دادەهێنێ. بەم پێ یە ڕەو شتییەکان پێ یان وا یە کە ز مان بەهرە یەك ن یە لە مندا ڵدا هەبێ, بەڵکو زمان لای منداڵ لە سەر ب نەمای ڕەو شتە بەراە بەر ڕەو شتێکی بەرامبەرەکاذ یدا, وا تە لە سەر بنەمای ( کار و کاردانەوە ) دروست دەبێت.

بەلآم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم تیۆرە بەر ڕەخنەی ز یاتر نا کەوێ, چونکە لە تواناییداذ یە وەڵا می ئەم ڕەخنانە بداتەوە:

ا ـ تێگەیشتنی زمانی پێش گوزار شتکردنە, ئە مە ئەوە دەگە یەنێ کە ئەو و شە و دە ستەواژانەی تێ یان دەگات بێ پ شتگیرییە, چونکە ها ندان ز یاتر لەکاتی دەربڕی نی دە ستەواژەکان درو ست دەب یت, بۆ یە چەمکی هاندان نابێتە خاڵی یەکلاکەرەوە لە تیۆرەکە.

ب ـ منداڵ بە شێوەیەکی گشتی هەوڵدەدات زۆر لەو دەربڕینانەی گوێی لێ دەبێت دووبارەی بکاتەوە, جاری واش هەیە خودی ئەو دەربڕینانە خۆیان هەڵەن, بەتایبەتی کاتێك دایك و باوك بۆ خۆشحاڵی بەو جۆرە دەربڕینانە خەریکی منداڵ دەبن, بۆیە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە منداڵ لەسەر ئەو جۆرە دەربڕینانە فێری زمانەکە دەبێت, چونکە ئەگەر فێربوونی زمان ڕەوشت بێت ئەوا منداڵە کە ناتوانێ ئەو دەربڕینانە فەرامۆش بکات کە لەسەریان ڕاهاتووە, لە کاتێکدا ئەوانەی لە قۆناغی هاندان فێریان دەبێت, مەرج نییە لە بیریان بکات.

پ ـ هاندان و پشتگیری زیاتر بۆ ئەو وشە و دەربڕینانەن کە مانا بەرامبەر بە شتی بەرجەستە بەراورد دەکرێ, ئەی مندڵ چۆن بە ڕەوشت فێری ئەو دەربڕینانە دەبێت کە بە شتی بەرجەستە نابەستریێتەوە؟, چونکە مەرجێکی کار و کاردانەوە لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت کە مانا بەرامبەر بە شتە پەیوەستکراوەکە بکرێ.

ج ـ لەبارەی دروستکردنی ڕستەوە ئەم تیۆرە ناتوانێ وەڵامی پێویست بداتەوە, چونکە ئەگەر پشتگیری دایك و باوك زیاتر لەو وشە و دەربڕینانە بێت, کە بتوانرێ مانا و شتەکە بەرامبەر بکرێ تاوەکو منداڵەکە وەریان بگرێت, ئەی وەرگرتنی ڕستە چۆن دەبێت؟ خۆ ئەگەر منداڵە کە ڕستەکەش دووبارە بکاتەوە وەکو خۆی نایلێتەوە, بەم پێیە دەتوانین بڵێین تیۆری ڕەوشتکاری ناتوانێت وەڵامی هەموو شتێك دەربارەی فێربوونی زمان بداتەوە.

**٢ ـ تیۆری درکپێکردن:**

ئەم تیۆرە پێی وایە کە منداڵ زمان و پێکهاتە زمانییەکان لە ڕێی گریمانە و خەملاندنەوە فێردەبێت, واتە گوێی لە چ جۆرە پێکهاتەیەکی زمانی بێت ئەویش هەوڵدەدات لەسەر هەمان پێکهاتەی زمانی شت دووبارە بکاتەوە, کاتێکیش کارێکی لەو جۆرەی کرد سەیری هەڵوێستەکەی بەرامبەری دەکات سەبارەت بەوەی دەری بڕیوە, ئەگەر لایەنی ئەرێنی تێدابێت ئەوا بە بەردەوامی وشەکان دەردەبڕێ, ئەگەر لایەنی نەرێنیشی تێدابێ ئەوا هەوڵدەدات بەدوای پێکهاتە دەربڕاوەکان بچێ لە ڕێگای خەملاندن و دووبارەکردنەوە. واتە لەسەر پێکهاتەیەکی زمانی نموونەیی کاردەکات, هەروەها گریمانە دەکات, بۆ نموونە ئەگەر زمانی کوردی وەربگرین دەبینین کاتێك گەورە نیشانەی (ە کە) دەخاتە سەر هەندێ وشە ئەویش هەمان کار ئەنجام دەدات و دواتر بۆی دەردەکەوێت کە لەو گریمانەیە ڕاستی کردووە یان هەڵەی کردووە, ئیتر بەردەوام نابێت و هەڵەکە ڕاست دەکاتەوە.

بە پێی ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە وا دەردەکەوێ کە ئەم تیۆرەش لە بنەڕەتدا بچێتەوە سەر تیۆری ڕەوشتکاری, چونکە ئەوەی تیۆرە کە باسی دەکات منداڵ بە سەرنجدانی ڕەوشتی خۆی و کاردانەوەی

گەورەکان دەتوانێ ڕاستی و ناڕاستی بزانێ. ئەوەی لەم تیۆرە جێی ڕەخنەیە ئەوەیە کە ئایا خەیاڵی منداڵ ئەوندە فراوانە کە بتوانێ گریمانە بۆ چۆنیەتی ئاخاوتنەکانی دابڕێژێ ؟.

**٣ ـ تیۆری سروشتی :**

ئەم تیۆرە وای بۆ دەچێ کە وەرگرتن و فێربوونی زمان خۆڕسکە, لە گەڵ مرۆڤ خۆی دایە. واتە منداڵ لەگەڵ لە دایک بوونی توانای فێر بوونی زمانی لەگەڵدایە, هەربۆیە وا دانراوە کە زمان ڕەوشتێکی تایبەت بە ڕەگەزی مرۆڤایەتیە, ئەم ڕەوشتە لای هیچ بوونەوەرێکی تر بەو شێوەیە نیە کە لای مرۆڤ هەیە.

بەلای داڕێژەرانی تیۆرەکە درک کردن و توانای مرۆڤ لە وەرگرتنی زمان پەیوەستە بە لایەنە بایەلۆژیەکانی مرۆڤ خۆی (ئەندامانی ئاخاوتن, گوێ, سازگە), (چۆمسکی) یەکێکە لەو زمانەوانانەی لە داڕشتنی تیۆرە زمانیەکەیدا گرنگیەکی زۆری بەو لایەنە داوە, چونکە بەلای ئەو زمان بریتیە لە (چالاکی و توانستی مرۆڤ). واتە هەر منداڵێك بە هۆی ئەو دوو لایەنەوە لە توانایدا هەیە لە ماوەیەکی کورت زمانی دایکی وەربگرێت, چونکە منداڵ لە گەڵ لە دایک بوونی تواناستی فێر بوونی زمانی لەگەڵدایە, دواتر بۆ تەواوکردنی پرۆسەکە متمانە دەکاتە سەر ئەو چالاکییەی کە لە ژینگە کۆمەڵایەتیە کە دەینوێنێ.

لەم تیۆرەدا ژینگەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی زۆری پێدراوە, چونکە چالاکی زمانی واتە تێکەڵبوون لە گەڵ ژینگەیەکی زمانی, هەربۆیە زاناکان دەڵێن وەرگرتنی زمان تەنیا بەلایەنی (تواناست) ناتەواوە و پێویستی بە (چالاکی)یە, بۆیە مرۆڤ ئەگەر لە دەرەوەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی پەروەردە بێت, ئەوا لە وەرگرتنی زمان دادەبڕێت.

ئەم (تواناستە)ی تیۆری (چۆمسکی) تواناستێکە سنورداره, واتە ئەگەر لە ماوەیەکی دیاریکراودا نەخرێتە (چالاکی)یەوە ئەوا نامێنێ, زانایان ئەم (تواناستە) تا تەمەنی (١١) ساڵی دیاری دەکەن. ئەم (تواناستە) بخرێتە هەر ژینگەیەکی زمانی شایەنی تێبینیە منداڵە کە بە ئاسانی زمانی ئەو کۆمەڵگایە فێردەبێت.

**٤ ـ تیۆری ئەرکی :**

ئەم تیۆرە جەخت لە سەر بەررزبوونەوە و گەشەکردنی تواناستی زمان دەکات لە میانەی پەیوەندی منداڵ بە ژینگەکەیەوە, لایەنگرانی ئەم تیۆرە جیکردنەوەی زمان لە ڕەهەندە مەعریفی و سۆزیەکانی تاك بە ئەستەم دەزانن.

لەم بارەوە (بیا چێ) ئا ماژە بەوە دەدات کە وەرگرت نی ز مان دەوە ستێتە سەر پەیوە ندی و پەیوە ستی نێوان گە شە، پێ شکەوتنی مەعریفی، درکپێکرد نی تاکە کە، پرۆ سە ز مانی و نازماذ یەکان لە ژینگەی کۆمەڵایەتی تاکە کەدا, هەر چەندە هاوبڕوا کانی (بیا چێ) بانگە شەی ئەوە نا کەن کە ئەم ت یۆرە لە گەشە پێدانی داهاتی زمانی بە تیۆرێکی تەواو (کا مل) داب نرێ لە شیکردنەوەی وەرگرت نی زما ندا, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند لایەنێك لەڕووی چەمکەکان و پەیوەندی یە ئەرکی یەکان شیدەکاتەوە, لە چۆنیەتی وەرگرتنی زماندا.

ئەم تیۆرە تا ڕادەیەك لە تیۆرەکەی سروشتی و بیروڕا کانی (چۆم سکی) نزی کە بەوەی کە با سی تواذ ستی زمانی و چالاکی لە ژینگەدا دەکات, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی هەیە لەنێوانیان.

**(تیۆرەکانی فێربوونی زمانی دووەم)**

**(second language acquisition theories)**

وەك سەر چاوەکان ئا ماژەی پ ێدەدەن، هەمان ئەو شێوازانەی کە پێ شتر دەر بارەی ز مانی دا یك خرابوونەڕوو, خاڵی سەرەکی ئەوە یە فێر بوونی ز مانی دا یك ز یاتر پەیوە ندی بەلا یەنی کۆمەڵایەتی یەوە هەیە, واتە تێکەڵاوبوونی مرۆڤ بەهەمان ژینگە.

کەچی فێربوونی زمانی دووەم بابەتێکی ئاڵۆزترە ئە مەش بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ بۆ فێر بوونی ز مانی دووەم بە تای بەتی کە لەناو ژینگەی زمانە کەدا نەژیێت، پێوی ستی بە ڕاهێ نانێکی زۆر دەب ێت, بۆ یە ژینگەی زمانی خاڵی یەکلاکەرەوەیە لەنێوان زمانی دایك و زمانی دووەم.

لێرە بە کورتی باس لە چەند تیۆرێك دەربارەی فێربوونی زمانی دووەم دەکەین:

**یەکەم : تیۆری هاوشێوەیی و بەرامبەری:**

ئەم ت یۆرە وای بۆ دە چێ، کە فێر بوونی ز مانی دا یك و فێر بوونی ز مانی دووەم دوو پرۆ سەی تەواو هاوشێوەن لە بنەڕەتدا, زمانی دای کیش هیچ کاری گەری نا بێ لە سەر ئەو کە سەی دە یەوێ ف ێری ز مانی دووەم ببێت.هیچ گرنگیش بەوە نەداوە کە لە فێر بوونی ز مانی دای کدا م ندالّ کە چاو دەکا تەوە بە

ژینگەیەکی یەك زمانی ڕادێت, دواتر تێکەڵاو بەهەمان ژینگەی کۆمەڵایەتی و زمانی دەبێت, لەو ژینگەیەگەشە دەکات و گەورە دەبێت و لەگەڵ گۆڕانکاریدا دەژی, کە زۆر ئەستەمە مرۆڤ زمانی دووەم وەك ئەو زمانە زگماکە وەربگرێ, مەگەر لەماوەیەکی زۆر درێژ و خۆڕاهێنانێکی زۆر نەبێ لەسەر زمانەکە.

ئەم تیۆرە وای بۆدەچێ فێربوونی زمانی دایك و فێربوونی زمانی دووەم, لە بنەڕەتدا هاوشێوەن, ئەم تیۆرە پرۆسەی فێربوونی وەك بنەمایەك بەهێند وەرگرتووە نەك فێربوونی زمان, چونکە بەلای تیۆرەکە فێربوون پرەنسیپێکی هاوبەشە جا ئەم پرەنسیپە بخرێتە هەر کام لەم دوو زمانە ( زمانی دایك, زمانی دووەم ).

**دووەم : تیۆری جیاوازی و نابەرامبەری:**

ئەم تیۆرە لە کەموکورتییەکانی تیۆری پێشووەوە ( تیۆری هاوشێوەیی و بەرامبەری ) هاتۆتە ئاراوە, چونکە بەپێچەوانەی تیۆرەکە لەگەڵ ئەوەدا کۆکە کە لە فێربوونی زمانی دووەمدا زمانی دایك کاریگەری زۆری هەیە, چونکە مرۆڤ کاتێ فێری زمانی دووەم دەبێت یان هەوڵ دەدا فێری زمانی دووەم ببێت هەمیشە دەکەوێتە ژێر کاریگەری زمانی یەکەمەوە بەوەی کە ئەو لایەنانەی لە زمانی یەکەمەوە نزیکن بە ئاسایی و بێ کێشە وەریان دەگرێ, بەڵام کێشە و کۆسپ لەو کاتەوە دروست دەبێ کە هەندێ لە پێکهاتە زمانییەکانی زمانی دووەم پێچەوانەی پێکهاتە زمانییەکانی زمانی دایك بن بەم پێیە مرۆڤ لە فێربوونی زمانی دووەمەوە دەکەوێتە بەردەم دوو لایەن و دوو شێواز, ئەوەی لە شێواز و لایەنی یەکەمدا بەرچاوە بە لایەنە ئەرێنییەکەی، گواستنەوەی هەمان زانیارییەکانی زمانی زگماکی ناودەبرێ, کە زانیارییەکانی زمانی دووەم لەژێر کاریگەری هاوشێوەیە, بەڵام کاتێ جیاوازی لەنێوان پێکهاتەی زمانی لەنێوان هەردوو زمانەکە دەبینێ ئەوا بە گواستنەوەی نەرێنی ناودەبرێ.

لەم حاڵەتەدا زانایان هەوڵیانداوە وەك لایەنێکی سەرەکی لە فێربوونی زمانی دووەمدا ئەو کۆسپانە دیاری بکەن، ئەویش لە ڕێگای بەرامبەرکردنی هەردوو زمانە کە بۆ دۆزینەوەی هاوبەشی و جیاوازی لەنێوانیاندا, تا لە ڕێگای ئەم بەرامبەرکردنە زمانی دووەم فێری ئەو کەسانە بکەن کە دەیانەوێ.

ئەم تیۆرە لە کۆتای سەدەی بیستەم سەریهەڵدا و هەوڵیدا کەموکوڕییەکانی تیۆری ( هاوشێوە و بەرامبەری ) چارە بکات, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی ببێتە ئەو تیۆرەی کە بەرپەرچ نەدەکەوێ, چونکە نەیتوانی ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە ئایا زمانەکان جیاوازی و هاوبەشییان هەیە یان جیاوازی و هاوبەشی نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەم تەنیا وەك ڕێگای فێربوونی زمانی سەیر بکرێ, چونکە فێربوونی زمان و دەستنیشانکردنی جیاوازی و هاوبەشی زمانەکان لە چوار چێوەی زانستی زماندا یە و

زانستی زمان خۆی پێوه خەریك دەكات, لەكاتێ كدا فێ بوونی ز مان پرۆ سەیەكی دیكه یه و لایه نه دەرو نی، بایەلۆجی و مەعریفییەكان بەرێوەی دەبەن.

**سێیەم : تیۆری شیكردنەوەی هەڵەكان:**

لەئه نجامی ئەو كەموكوڕیەی له تیۆری دووەمدا (تـ یۆری جـ یاوازی و ـنا بەراه بەری) دۆزرا یەوه بەوەی كه ناتوانێ ئەو هەڵانەی مرۆڤ لەكاتی فێربوونی ز مانێكی تردا دەیـ كا شیبكاتەوه, بۆ یه زانا یان له هەوڵی ئەوەدابوون تـ یۆرێكی دیـ كه له بەراه بەر تیۆره كه دابر ێژن بۆ پڕكرد نەوەی كەم و كوڕیـ یەكانی. تـ یۆره نوێیەكه هەڵوه سته له سەر ئەو هەلا نه ده كات كه مرۆڤ لەكاتی فێر بوونی ز مانی دووه مدا دەیـ كات, بەتایبەتی لەو كا تەی ده یەوێ زانیاریـ یەكان بخا ته دوو توێی ده ستورەكانی زما نه نوێیه كه. تیۆره كه دەیەوێ ئەو هەڵانەی مرۆڤ لەو بارەوه دەیاذ كات پۆلین بـ كات, هەروەها هۆ كاری ئه نجا مدانی هه ڵەكانیش بدۆزێتەوه به پێی سروشتی هەڵەكان خۆیان.

تیۆرەكه دەیەوێ به دوای ئەوەدا بگەڕێ كه هەڵەكه له چییەوه سەر چاوەی گر تووه, ئا یا هه ڵەكان به هۆی كاریگەری زمانی دایكەوەیه؟ یان له خودی پێكها ته زمانییه كەی ز مانی دووەمەوه یه؟ یان هەڵه كه لەكاتی فێركرد نی ز مانی دووەم درو ست بووه؟ یان هەڵه كه له نەگەیـ شتنی زانیاریـ یەكانی فێربوو نەوه سەری هەڵداوه.

**چوارەم : تیۆری فێربوونی به هەنگاو:**

ئەم تیۆره یەكێكی تره لەو تیۆرا نەی كه چۆنیەتی فێر بوونی ز مانی دووەم شیدەكەنەوه, تیۆره كه وای بۆ ده چێ كه ز مانی دووەم له چاو ( به ذ سبەت ) ز مانی یه كەم ز مانێكی تایبه ته و پێویـ سته ئەو تایبەتییەی زمانەكه به هەند وەربگیرێ, بۆ یه وا به پێویـ ست دەزا نرێ بۆ فێر بوونی ز مانێكی تر وا ته، جگه له زمانی دایك به هەنگاو و به قۆناغ بێت و هەر قۆ ناغێكیش تایـ بەت بـ كرێ به ئا ستێكی د یاریكراو, چونكه وەرگرتنی زمان له كاتێكدا یه كه ز مان سیـ ستەمێكی ئالۆزه بۆ یه وەرگرت نی ئه ستەمه به یەك پارچەیی, بۆیه پێویسته زمانی دووەم به قۆ ناغ وەربگیر ێت، تا ئەو كا تەی فێر خوازی زمانه كه دەگا ته ئاستی ئەوەی تەواوی زمانەكه فێرببێت.

بەم پێیه ئەم تیۆره لەسەر بۆچونەكانی (جان بیا جێ) دار ێژراوه، كه له تیۆره كانی یه كەمی فێر بوونی زمانەوه خرایەڕوو بۆیه وای دادەنێن كه فێر بوونی ز مان له بنەڕه تدا ڕەهه ندێكی هەنگاو به هەنگاوی هەیه.

لەسەر ئەم تیۆرە زاناکان چەند ڕێگا یەکیان بۆ فێر بوونی ز مانی دووەم دا ناوە سەرەڕای ئەو تیۆرا نەی لەبارەی چۆنیەتی فێر بوونی ز مانی دووەم و ز مانی دای کدا لە ئارادان زانا کان چەند ڕێگا یەکیان لەو تیۆرانە هەڵێنجاوە وەك شێوازی چۆنیەتی فێر بوونی ز مانی دووەم, هەر یەکێ لەو ڕێگایا نە ڕەهە ندی دەرونی، کۆمەڵایەتی و مەعریفی تایبەت بەخۆی هەیە , گرینگترینیان ئەمانەن:

**أ- ڕێگای کلاسیکی ( ڕێگای ڕێزمان وەرگێڕان ):**

ئەم ڕێگا یە بە کۆنترین و بەربڵاوترین ڕێ گای فێر بوونی ز مانی دووەم دادە نرێ, هۆ کاری ئەم بەربڵاویەی ڕێگا کە بۆ بەربڵاوی ز مانی لاتی نی و گری کی گێڕدراوە تەوە, کە سەدەی نۆزدە لەڕەوتی زمانەوانیدا بە سەدەی ڕێ بازی بەراورد و مێژوی یەوە نا سراوە. هەروەها هۆی بەربڵاوییە کەی بۆ ئەوەش گێردراوەتەوە کە شێوازی ڕێگاکە زۆر لە شێوازی فێرکرد نی ز مانی دووە مەوە نزی کە, کە ماوە یەکی زۆرە لە قوتا بخانەکان دەخوێنرێ.

پوخ تەی ئەم ت یۆرە لەوەدا یە دە بێ فێر خوازی ز مان دە ستور و یا سا ڕێزمانی یەکانی ز مانی دووەم وەربگرێت و دواتر بە کەرەسەی هەمان زمان دایانبڕێژێتەوە.

**- کەموکوڕییەکانی ئەم ڕێگایە :**

١) ڕێزمان لە ئاخاوتنەوە وەردەگیرێ، ئە ستەمە کە سێك بتوا نێ لە سەر زانی نی ڕێز مان ف ێری ز مان ببێت.
٢) گرن گی نەدان بە پەیوە ندیکردن, چونکە لەم ڕێگا یەدا ز یاتر لە بەرکردن ڕۆ ڵی سەرەکی دەبینێت.
٣) کاتێ فێرخواز دەیەوێ ڕستەیەك بەو زمانە لە سەر ئەو یا سایانە درو ست ب کات کەوەری گر توون کێشەی ئەوەی بۆ دروست دەبێت کە ئاخۆ ئەم و شەیە لەڕووی ڕێزمانی یەوە چ گۆڕانێکی بە سەردا دێت کاتێ دەخرێتە ڕ ستەوە, بە مەش دوو چاری ئاڵۆزی دەب ێت, لە کاتێ کدا هەڵ بژاردنی و شە خۆشی کێشەیە , چونکە کەسەکە نازانێ کە ئایا ئەم وشەیە بۆ ئەم شوێنە دەست دەدات یان نا.

**ب- ڕێگای ڕۆنانکاری:**

ئەم ڕێگایە بەسەر ئەو ڕێگایا نەدا دابڕێ نراوە کە ز یاتر پێکها تەی ز مانی دەکە نە بنەما یەك لە فێرکردنی زمان, ئەم ڕێگایەش ئەم لقانەی لێدەبێتەوە:

١- ڕێ گای ڕا ستەوخۆ: ئەم ڕێگا یە ڕەتدانەوە یەکی تەواوی ڕێ گای کلا سیکە, چونکە ئەم ڕێگا یە هەوڵدەدات لە ژووری فێرکرد ندا وەرگێڕا نی ز مانی دووەم بۆ سەر ز مانی دا یك و کاریگەری یەکانی وەلابنێ. ئەم ڕێگایە گرنگی بە فێرکرد نی زارە کی دەدات ئە مەش لە ڕ ێی بە ستنەوەی ناو و شەکە خۆیەوە, تا لەم ڕێ یەوە قو تابی ف ێری ئەو شتانە ب بێ کە فێردە کرێ, وا تە گوێگرتن ب نەمای سەرەکییە بۆ فێرکردن.

## کەموکوڕییەکانی ئەم ڕێگایە:

ئەم ڕێگایە زۆر گرنگی بە لایەنی زارەکی و گوێگرتن دەدات بە بێ بە هە ند وەرگرت نی لا یەنی زاذ ستی زمان خۆی, واتە شیکردنەوەی زمانە کە لەڕووی زاذ ستی, سەرەڕای ئە مەش لا یەنی وەرگێڕا نی فەرامۆش کردووە کە لایەنێکی زۆر گرنگە لە فێرکردنی زمانی دووەمدا.

٢- ڕێگای خوێندنەوە: ئەم ڕێگایە سەرەتا لە ئەمریکا پەیڕەو کراو دوا تر بە جیها ندا بڵاو بۆوە, ئەم ڕێگایە جەخت لەسەر ئەوە دەکا تەوە کە پێوی ستە فێر خواز دە قی جۆراو جۆر بەو زما نەی دە یەوێ فێری ببێ بخوێنێتەوە, بەڵام بەبێ گەڕانەوە بۆ ز مانی یە کەمی و وەرگ ێڕان تا بتوا نێ لەم ڕێ یەوە بەسەر وردەکارییەکانی زمانەکەدا زاڵ ببێ بەشێوەی هەنگاو بە هەنگاو.

٣- ڕێگای زارەکی و بیستن و بینراو: سەرچاوەکان لە چوار چێوەی ڕێ گای پێکهێ نان, ڕۆ نانی ئەم ڕێگا یە بە باشترین ڕێگا دادەنێن, کە جەخت لەسەر ئەوە دەکا تەوە پێوی ستە فێر خواز بە گوێگرتن لە سەر زمانەکە ڕابێ, دواتر هەوڵبدات بەو زما نە بدوێ, بۆ ئا سانکاری لا یەنی ب ینین ز یاد کراوە بۆ ڕێگاکە بۆ یارمەتیدانی فێربوون.

گرنگی ئەم ڕێگایە لەوەدایە کە فێرخواز بە هەمان ئەو زما نە ڕادێ کە هەو ڵدەدا ف ێری ب بێ. ئەم ڕێگا یە زیاتر لە سەر ب نەماکانی قوتا بخا نەی ڕۆناذ کاری ئەمریکی داهێ نراوە, بێگو مان ئەم قوتا بخانە یەش پێیوایە کە زمان بریتی یە لە ئا خاوتن و دەر بڕین نەك نو سین و خوێند نەوە, بۆ یە کاتی خۆی ( فرانس بواس ) لەم ڕێگایەوە هەوڵ یداوە بنا غەی ز مانی ئەمریکی بە لێکۆڵی نەوە لە ز مانی هیندی یە سورەکان بنیات بنێ. هەروەها گرینگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێ کە زما نەکان لە گەڵ یەکتردا ج یاوازن, بۆ یە کا تێ فێرخواز هاندەدرێ زمانەکە لە ڕ ێی گوێگرتن و ئاخاوت نەوە وەرب گرێ, ئەوا ئەو زما نە ف ێر دەب ێت کە قسەکەران قسەی پێدەکەن نەك پێکها تەی ز مانی ئاڵۆز, چونکە فێر بوونی ز مان لەڕێ گەی گەڕا نەوە بۆ پێکها تەی ز مانی دووەم و ڕێزمانە کەی ز یاتر فێرکردنێ کی پ ێوەری دەب ێت, لا یەنی ڕا ڤەکردن و پڕاکتیزەکرد نی ت ێدا نابینرێ, لەکاتێ کدا ز مان خۆی پڕاکتی کە ئینj جا لە پڕاکتیکی یەوە ڕێز مان دەستنیشان دەکرێ, بۆیە زاناکان دەڵێن ڕێزمان ئاسانکارییە نەك هۆی فێربوون.

## ت- ڕێگای پەیوەندیکردنی بەردەوام:

بنەمای ئەم ڕێگا یە لەوە سەر چاوەی گر تووە کە چۆن ز مان بە هۆکار یێك بۆ پەیوە ندیکردن دادەنرێ, بۆیە پێویستە فێرخوازیش ئەو زما نەی دە یەوێ ف یێری بب یێت بۆ ئەو مەبە ستە ب یێت دەب یێت هەمی شە لە پێناو پەیوەندیکرد ندا وەری ب گرێ و بەکاریبهێنێت نەك بۆ فێر بوونی ئا ستەکانی زمانەکە و ڕێزمان و پێکهاتەی زمانەکە خۆی, چونکە کاتێ کە زماذ یێك دەکرێ تە هۆ کار و ئامراز ئەوا ئاما نجەکە بەدی دێت, بەڵام ئەگەر خودی زمانەکە کرایە ئامانج ئەوا پێچەوانە دەبێتەوە.

بەم پێیە زمانەکە دەبێ تە هاوڕێی هەڵگرە کەیی و هەمی شە لە گەڵی دەب یێت. ئەم ڕێگا یە لە سەر ت یۆری (چۆم سکی) بنا غەی دا نراوە بەوەی کە دە توانرێ لە سەر پێکها تەی چەند بنەمایە کەوە چەندەها ڕستەی بێ ژمار بەر هەم بهێ نرێ لەبەرئەوە شە ز مان بە ئامرازی پەیوە ندیکردن دادە نرێ, چونکە زمان بۆ گوزارشتکردنە لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و کۆمەڵایەتی.

 کەموکوڕییەکانی ئەم ڕێگایە:

١. وا پێویست دەکا ژینگەیەکی زمانی تایبەت بە ز مانی دووەم دا بین ب کرێ و پێوی ست بە فێر کەری با شیش دەکات.

٢. هەموو کەسێ ف یێری زماذ یێك دە بێ تەنها بۆ ئا خاوتن و تێگەی شتن نی یە, بەڵکو پێوی ستە فێر خواز ڕێزمانی ئەم زمانەش بزانێ و شیبکاتەوە, بەڵام ئەم ڕێگا یە تەنیا وەك فێر بوونی ئا خاوتن و تێگەی شتن سەیری پڕۆسەی فێربوونی زمان دەکات.

٣. بۆ تاقیکردنەوەی ئەو کەسەی زمانەکەی وەرگر تووە ڕێ گا و شێوازی تای بەت پێوی ستە کە بگیرێ تە بەر کە تا ئێستا ئەم ڕێگا و شێوازانە د یاریکراونین, بەڵام لەبەر ئەوەی لا یەنێکی ز مان پەیوەندیکرد نە بۆ یە بە کارێکی باش و پڕاکتی کی دادە نرێ لەو بوارەدا بەبێ لەبەر چاوگرتنی زاذ ستی ز مان. لەئە نجا مدا زاناکان باس لەوە دەکەن کە ئەو ڕێگایا نە هەموو پێ کەوە بکرێ نە بنەما یەك بۆ فێرکرد نی ز مانی دووەم, کە هەریەك لەو ڕێگایانە کەلێنێك پڕدەکە نەوە, ئەم ڕێگا یە لا یەنی باش و ڕەخ نەی ل یێدەگیرێ, بەڵام لەبەرئەوەی مەبە ستی سەرەکی لەم ڕێگا یە فێرکرد نی ز مانی دووە مە بۆ یە پێوی ستە لە سەر فێر کەری زمانی دووەم شارەزاییەکی تەواوی لەو ڕێگایانە هەبێت کە بتوا نێ بە پێی پێوی ست سود بە فێرخوازە کان بگەیەنێت.

## (نەخۆشیەکانی گوتن) ( speech pathology )

- دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، ئەوکا تە پەیوە ندیکردن سەرکەوتوو دە بێ کە وەر گر لە مەبە ستی نێرەر ب گات، بە پێ چەوانەوە پەیوەندییە کە سەرکەوتوو ناب ێت. هە ندێکجار پرۆ سەی پەیوە ندیکردن ڕووبەڕووی هەندێ کێشە و کەم و کوڕی دەبێ تەوە کە دەب نە هۆی درو ست بوونی نەخۆ شیەکان و، پێ یان دەوتر ێت (نەخۆ شیەکانی گوتن) یان (نەخۆ شیەکانی پەیوەندیکردن).بە شێوەیەکی گ شتی دە توانین نەخۆشیەکانی ئاخاوتن دابەشی سەر دوو جۆر بکەین یان بەدوو شێوە دابەشیان بکەین:

١- **نەخۆشیەکانی گوتن:**

**دابەشی چەند جۆرێك دەکرێت:**

**أ- نەخۆشیەکانی گۆکردنی دەنگ (کیشە فۆنەتیکیەکان):**

تایبە تمەندی سەرەکی ئەم جۆرە نەخۆ شانە ئەوە یە کە کێ شەیان لە بەکارهێنان و دەربڕی نی فۆ نەکان (دەنگەکانی زمان) هە یە, بۆ نموو نە کە سێك (نەخۆ شێك) فۆنیمی کۆ تایی و شەیەك دەرنابڕ ێت یان دەنگەکە دەگۆڕێت بە دەنگێ کی تر. زانا کان کۆ مەڵێك دەنگ یان دەستنی شان کردووە کە ڕوو بەڕووی ئەو نەخۆ شانە دەبێ تەوە یان دەبێ تە کێ شە بۆ یان لە کاتی دەربڕینیا ندا, لەوا نە: (س, ش, ك, ت,.... هتد.) هەندێکجار ڕادەی نەخۆشیەکە ئەوەندە زۆر دەب ێت کە کە سانی دەورو بەری نەخۆ شەکە بەئا سانی لە گوتەی نەخۆشەکە نا گەن. چارە سەری ئەم نەخۆ شیە دەکر ێت بە سود وەر گرتن لە شێوازەکانی گو تار ئە نجام بدرێت, لە قۆناغێك لە قۆناغەکان بە تای بەتی لە قۆ ناغی سەرەتایی نەخۆ شییەکە چارە سەری ئاسانە.

**ب- نەخۆشیەکانی چینەکانی دەنگ:**

لەم نەخۆ شیەدا گیروگرف تەکان پەیوە ستن بە تایبە تمەند یەکانی دە نگ و چۆنیەتی دە نگ، لەوا نە: ئاوازەی دەنگ, بەرزونزمی دەنگ, ئەمانەش دەبنە هۆی گڕی زۆری دە نگ یان نز می زۆری دە نگ یان ک پی زۆری دەنگ.

**ت- نەخۆشیەکانی ڕەوانی لە ئاخاوتندا:**

**لەم جۆرە نەخۆشیەدا ئاوازە و ڕەوتی گوتن تووشی کێشە دەبێت, دەکرێتە دوو بەش:**

- **زمانگرتن:**

تایبه تمه ندی ئەم نەخۆ شییە بریتیە لە دووبارەکردنەوەی دەنگ یان بڕگەی وشەکان، وا تە نەخۆشەکە بڕگەیەك یاخود دەنگێگ بۆ چەند جارێك لە ماوەیەکی کورتدا دووبارە دەکاتەوە یان وەستان و قورسایی خستنە سەر دەنگێك یان دەنگی یەکەمی بڕگە و وشەکان.

- **بەخێرایی قسەکردن:**

بریتیە لە ناڕێکی یان بێ سیستەمی زمانی لەکاتی ئاخاوتندا، تایبەتمەندیەکانی بریتین لە خێرایی یەکی لەڕادە بەدەر لە کاتی قسەکردندا، ناڕێکی لە ڕستەکاندا، فرتاندنی دەنگێك یان بڕگەیەکی وشەکان، تەواو نەبوونی لایەنی فۆنەتیکی دەنگ.

- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کەم و کورتی گوتن زۆرن دەکرێ بە گشتی دابەشی دوو جۆری بکەین ئەوانیش:

  - هۆکاری ئەندامی:
  - هۆکاری نائەندامی (ئەرکی): ئەمیش دابەشی چەند جۆرێك دەبێ:

- هۆکاری کۆمەلایەتی و خێزانی.
- هۆکاری دەروونی.
- هۆکاری هەڵچوونی (انفعال).
- هۆکاری ژینگەیی.
- هۆکاری بۆماوەیی.

٢- **نەخۆشیەکانی زمان:**

تایبەتمەندیەکانی ئەم نەخۆشانە بریتین لە ناتەواوی یان نەبوونی تێگەیشتن، لەم نەخۆشیانەدا کێشەکە لە گوتندا نیە، بەڵکو لە توانستی زمانیدایە، ئەم توانستەش دەکرێتە دوو بەش:

**١) دواکەوتنی گەشەی زمان:**

یەکێکە لە باوترین جۆرەکانی نەخۆشی زمان، لەم نەخۆشیەدا منداڵ درەنگتر لەکاتی ئاسایی خۆی دەست بەقسەکردن دەکات، لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە تێگەیشتنی منداڵ (نەخۆشەکە) کەمترە لە ئاستەمەنەکەی خۆی، ئەمیش چەند هۆکارێکی جۆراو جۆری هەیە وا دەکات ئەم نەخۆشییە سەرهەڵبدات:

❖ هۆکاری بۆماوەیی.

- ❖ بەکارهێنانی دەرمان لەلایەن دایکەوە لەکاتی دوو گیانیدا.
- ❖ کەم توانایی لە بیستن ( تێکچونی ئەندامانی بیستن ).
- ❖ کەم ئەقڵی.
- ❖ ئۆتیزم.

٢) ئەفازیا:

ئەفازیا فەوتانی تەواو یان بە شێك لە توا نای تێگەیی شتنە ( تێگەیی شتنی وا تای ز مان, ئا خاوتن ) جا ئەم ئاخاوتنە چ بە شێوەی بیسراو بێت یان نوو سراو ج یاوازی ن یە, ئە مەش پەیوە ندی بە زیرەکیی یەوە نیە. لە جۆرە جیاوازەکانی ئەفازیادا هەمیی شە تێک چوونێکی د یاریکراو لە مەڵبە ندێك لە مەڵبە ندەکانی مێ شك هە یە کە دەبێ تە هۆی لە دە ستدانی توا نای پەیوە ندیکردن, وا تا هێما کانی پەیوە ندیکردن ناناسێتەوە. زاراوەی ( ئەفازیا ) بۆ مرۆ ڤی گەورە بەکاردێت بەڵام بۆ م نداڵی نز یك تە مەن شەش ساڵی زاراوەی ( دیفازیا ) بەکاردێت, کە لە شێوەی گە شە نەکردنی تەواوی ز مان بەدەردە کەوێت. شایانی با سە منداڵی توشبوو بە ( دیفازیا ) دە توانێ ق سە ب کات و مەبە ستی خۆ شی بگە یەنێت، بەڵام و شە و یە کەی زمانی ( ڤاکۆبلەری ) سنوردارە.

## ( پرۆگرامی زمانەوانی دەماری ) ( Neuro language programming )

- **پێناسەی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری ( N.L.P ):**

زمانەوان و دەروونناسەکان چەندین پێناسەی ج یا جیا یان بۆ زما نەوانی دە ماری کردوە هەر یە کە بە جۆرێك, لەوانە:

- دکتۆر تاد جێمس: لێکۆڵینەوەی بابەتیانەیە دەر بارەی شارەزایی یان تاقیکرد نەوە کە چۆن کاری گەری دەکەینە سەر ڕەفتار.

- زانستێکی ڕەفتارییە کە ت یۆر و شێواز و تەکنیکت پێ شکەش دە کات لە پێ ناو گۆڕان و کاری گەری یان نمونەیەکی ڕەفتارییە شارەزایی و تەکنیکیت پێ دەبەخشێت.

- ئیبراهیم ئەلفەقیە دەڵێت: کاریگەری زمانە لەسەر مێشك و ڕەفتارەکانی مرۆڤ.

### ❖ مێژوی سەرهەڵدانی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری:

لەگەڵ گە شە سەندنی بوارە کانی زان ست لە چەرخی نو ێدا بە تای بەت دوای کارکردنی زانا یانی زمانەوانان لە سەر زمانەوانی کارەکی سەرە نجام چەندین زان ست کە بە هۆی زما نەوە یان بە زما نەوە

لكاون وابەستەی زمانن دۆزرانەوە پرۆگرام کردنی زما نەوانی دە ماری کاری هاوبە شی چەند زانا یەك بوون لەوانە: د.جۆن تۆماس لە سالی ١٩٣٩ کە دکتۆری لە زما نەوانی لە زاذ کۆی کالیفۆرذ یا بە دە ست هیٚ نابوو, دواتر وەك پرۆفیسۆریٚك لە بواری زمانەوانی لە زاذ کۆی سانتاکرۆز لە کالیفۆرذ یا دا مەزرا, لەم ماوە یەدا چەند لیٚکۆلینەوەیەکی گرنگی لە بواری زما نەوانی پیٚ شکەش کرد, داو تر پەیوە ندی کرد بە د. ری چارد باندلر لە سالی ١٩٥٠ کە قوتابی خوێندنی بالاّ بو لە بواری دەروونـنا سی و پ سپۆر بوو لە بواری بیر کاری و پرۆگرام داریٚژی کۆمپیوتەر بوو و ئارەزومە ندی بیر ست و رۆ نانی نمو نەی ئا خاوتن بوو داوای لە دک تۆر (گریندر) کرد کە هاوبەشی لە لیٚکۆلینەوەکانی بکات و بە ئەزمونەکانی زۆر سەرسام بوو.

**زاراوەی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری (N.L.P):**

**پرۆگرامی زمانەوانی دەماری وەکو زاراوەیەك لە سیٚ بەش پیٚکهاتووە:**

**پرۆگرام:** بریتی یە لە بەرزەفتەکردن و دەستبەسەرداگرتنی هزر و بیر و هەستەکانی مرۆڤ بەرەو باشتر.

**زمانەوانی:** توانای سروشتی تاکە بۆ بەکارهیٚنانی زمان, زمانی جەستە و دەربڕاو دەگریٚتەوە.

**دەماری:** کۆئەندامی دەمار دەگریٚتەوە, هۆکارە بۆ کارپیٚکردنی هەموو هەست و جەستەی مرۆڤ.

- **واتای پرۆگرامی زمانەوانی دەماری (N.L.P )**

ئەم زانستە کە بە زمانی ئینگلیزی بە زاذ ستی (N.L.P) نا سراوە لەڕووی دە ستەواژە کورت کراوەی ئەم وشانەن

**دەمار:** N

ئاماژە بۆ کۆئەندامی دەمار دەکات کە پیٚنج هەستەکان لە خۆدەگریٚت.

**زمانەوانی:** - L

ئاماژە بۆ تواناکانمان دەکات بۆ بەکار هیٚنانی ز مانی گوتراو و ز مانی جە ستە تاوەکو شیٚوازی بیرکرد نەوە و بیروڕا بدۆزیٚتەوە و بەرانبەر بخویٚنیٚتەوە

**پرۆگرامکردن:** P

ئەو توانستەیە کە توانای دۆزینەوە و بەکارهێنانی پرۆگرامە عەقلییەکان دەگرێتەوە لە عەقلمان, کە لە پەیوەندی کردنەکانماندا لەگەڵ کەسانی تر بە بێ ئاگایی بەکاری دەهێنن لەڕێگای ئەم پرۆگرامکردنە زمانی عەقل بەکار دەهێنین بۆ گەیشتین بە ئەنجامێکی بەهێز و باش. لێکۆلینەوەکان سەلماندویانە کە لەسەدا نەوەدی پرۆگرام کردنی مرۆڤ لە نێوان لەدایک بون و ساڵی حەوتەم دا دەبێت لە نێوان سالانی ( ٧ – ١٨ )دەگاتە سەدا سەد.

❖ **سوودەکانی زمانەوانی دەماری:**

١- **کۆنترۆڵکردنی هەستەکان.**
٢- **کۆنترۆڵکردنی ڕێگای بیرکردنەوە و بەکارهێنانی لەکاتی پێویست.**
٣- **دەربازبوون لە ترس و دڵەڕاوکێ و باری لە ناکاو بەخێراییەکی لە ڕادەبەدەر.**
٤- **ڕێگات بۆ ئاسان دەکات بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی تری دەوروبەرت.**
٥- **زانینی چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی کە دەتەوێ.**
٦- **زانینی ستراتیژیەتی سەرکەوتن.**
٧- **کاریگەری خستنە سەر کەسانی بەرامبەر و خێرایی ڕازیکردنیان.**

❖ **بوارەکانی زمانەوانی دەماری:**

لە زۆربەی بوارەکاندا ئەم زانستە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بە تایبەت ئەو بوارانەی کە مرۆڤ زمانی تێدا بەکار دەهێنێت, لە گرینگترین بوارەکانیش :

١- **فێرکردن.**

٢- **بواری پەرەپێدانی کەسایەتی.**

٣ - **بواری بانگەوازی.**

٤- **بواری کارگێری.**

٥-**بواری تەندروستی.**

**-تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری:**

پرۆگرامی زمانەوانی دەماری چەند تایبەتمەندییەك لە خۆ دەگرێت لەوانە :

١- **دەبێت پەیاممان ڕون و دیاری کراو بێت.**

٢- دەبێت پەیاممان باش و پۆزەتیڤ بێت.

٣- دەبێت پەیامەکانمان لە کاتی ئێستا بێت.

٤- دەبێت هەستێکی بەهێز پاڵپشتی پەیامەکەت بکات تاوەکو عەقلی ناوەوە وەری بگرێت.

٥- دەبێت پەیام دووبارە و سێ بارە بکرێتەوە تاوەکو عەقل پرۆگرام دەبێت.

### ❖ گریمانەکانی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری:

پرۆگرامی زمانەوانی دەماری هەوڵدەدات بۆ هەرکارێك کە هێ شتا بە ئەنجام نەگەیشتوە یان ڕو یداوە، گریمانەی با شی و خرا پی بۆ دابنێت لەڕێگەی گریمانەکانەوە دەتوا ندرێت ئا مانج د یاری بکرێت لە گرینگترین گریمانەکانیش:

١- نەخشەی زەینیمان هەموو کات نەخشەیەکی ڕاست نییە.

٢- ڕێزگرتن و وەرگرتنی بەرانبەر وەك خۆی.

٣- کەوتن نییە بەڵکو شارەزایی و تاقیکردنەوەیە.

٤- کەسی نەرم و لەسەرخۆ دەتوانێت کۆنترۆلی کارەکانی بکات.

٥- عەقڵ و جەستە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

٦- من کۆنترۆلی عەقلم دەکەم کەواتە من بەرپرسیارم لە کارەکەم.

٧- لە دوای هەر ڕەوشتێك مەبەستێکی باش هەیە.

٨- ئەگەر مرۆڤێك لە توانایدا هەبو کار ێك ب کات ئەوا خەڵکی تر دە توانن ئەم کارە ف ێربن و بەهەمان شێوە ئەنجامی بدەن.

٩- ڕەفتار گوزارشت لە مرۆڤ ناکات.

١٠- قسە بکەین یا نەکەین هەر گوتومانە.

### ❖ ئامانجەکانی پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەماری:

١- دۆزینەوەی خودی تاکەکەس بۆ خۆی, وا تە ئەو هێزە ڕا ستەقینە و توانا یەی کە هەر تاک ێك هەیەتی کە بە هۆیانەوە دەتوانێ جۆرەکانی ژیانی بگۆڕێ لەڕووی بیرکردنەوە و ڕەفتارەوە.

٢- ئەم زانستە بایەخ بە دۆزینەوەی چە شنەکانی مرۆڤ لەڕووی بیرکرد نەوە و هە ستەکانەوە دەدات. دەتوانێ بگاتە ئەوەی کە دوای پرۆگرامکرد نی تاکێ لە تاقیکرد نەوە بە تەواوی کە سایەتیەکەی بگۆڕێ.

٣- باشترکردنی ژیانی مرۆڤ لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا.

٤- ئەم زان ستە توانیو یەتی بارە کانی ئەندێ شەی مرۆڤ بپێ کێ و بیاندۆزێ تەوە, تەنا نەت لە حاڵەتی نەرێنیشەوە بیانگۆڕێ بۆ حاڵەتی ئەرێنی.

٥- له بواری چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشیدا زۆر سەرکەوتوو بووە, لەوا نە ( فۆبـیا, ترس لە شوێنی بەرز, خەمۆکی, گەشکە ).

## ( زمانەوانی دادگەری  دادوەری )

**( Forensic Linguistics ) پێناسەی زمانەوانی دادوەری :**

– ئەشەر ( ١٩٩٤ ) دەڵێت: زمانەوانی دادوەری لقێ کە لە لـقەکانی زما نەوانی کارەکی، لەو زاناـیاری و دا تـا زمانەوانیان دەکۆڵێتەوە و شی دەکا تەوە کە لە گەڵ ڕوودا نی تاوانە کە د ێن، بە مەبە ستی دەستنیـ شان کردنی ناسنامەی تۆمەتبار یان تاوانکار.

**لە دیارترین لقەکانی زمانەوانی دادوەری دەنگناسیە ( ForensicPhonetics )**

– فرێزەر ( ٢٠٠٥ ) بەم جۆرە پێناسەی دە کات و دەڵـ ێت: ئەو زانـ ستەیە کە تەکنیك و تیۆرە کانی دەنگنا سی بەکاردێنێت لە گەڕان بەدوای پر سە یا ساییەکان و دەستنیـ شان کرد نی نا سنامەی تاوانـ کار لە میا نەی پـ شکنینی دا تـا دەنگیـ یە تۆ مار کراوە کان، کە لەکاتی ئە نجا مدانی تاوان، یان کێـ شەکە گۆکراون و دەربڕاون.

گرنگترین و د یارترین جێ بەجێ کردن لە بواری زمانـا سی دادوەری ساغکردنەوەی نا سنامەی قـ سەکەرە، ئەمەشیان لە میانەی شیکردنەوەی دا تا دەنگیـ یە ڕا ستەخۆکان و تۆمارکراوەکا نەوە، ئەم لـ قە لێکۆڵیـ نەوە لە دەنگە مۆر ( Voice Print ) و تابووری دەنگی کەسەکە لە خۆ دەگرێت.

### ❖ مێژوو و پێشکەوتنی زمانەوانی دادوەری:

وەك سەرجەم زانـ ستەکانی دیـ کە کارێکی سەختە م ێژووی سەرهەڵدان و سەردەمی هاتـ نە ئـارای زانـ ستی زمانناسی دادوەری دیاری بکەین، بەڵام زانـا یانی ڕۆژ ئـاوا دە ڵێن سەرەتـای بەکارهێنانی ئەم زانـ ستە لە ( ئینجیل لە سفری یۆ حەنا ) بەر چاو دە کەوێت. ئینجـ یل دەیگرێ تەوە کە چۆن یەعقووبی کوڕە گـ چکەی ئیسحاق مافی برا گەورەکەی بەدەستهێنا کە ناوی ( عیـ سۆ ) بوو، یەعقووب خۆی وەك کوڕە گەورە نوا نـد و لاسایی دەنگی برا گەورەکەی کردەوە, بۆیە باوکی ئەو مافەی پێداوە ( کۆڕی ئینتەرپۆل ).

**بوارەکانی زانستی زمانناسی دادەوەری:**

له گرنگترین بوارەکانی ئەم زانستە :

١ ـ ساغکردنەوەی ناسنامەی قسەکەر ( Identification Speaker )

بە شێوەیەکی گشتی ناسنامەی قسەکەر بە دوو ڕێگە دەناسرێتەوە.

١-ڕێ گەی نا سینەوەی نا سنامەی ق سەکەر بە گوێگرتنی ئا سایی ( Auditory Identification ) لە ڕێگەی تابوری دەنگی کەسی.

٢-ڕێ گەی نا سینەوەی نا سنامەی ق سەکەر بە بەکارهێنانی تەکنیکی ( – Identification Technical Speaker ) ئەم ڕێگە یە مۆری دەن گیش لەخۆ دەگر ێت ( Auditory Identification ).

١ ـ ناسینەوەی ناسنامەی قسەکەر بە ڕێگەی گوێگرتن لە دەنگەکەی؛

٢ ـ ساغکردنەوەی ناسنامەی قسەکەر بەتەکنیك ( Identification echnical Speaker )

٣ ـ ساغکردنەوەی ناسنامەی دانەر ( Author Identification ).